بانکی جیهانی پێشبینی بووژانەوەی ئابووری وڵاتی تونس دەکات بە دوو ساڵی داهاتوو

بانکی جیهانی ڕاژەی هەینی لە ڕاپۆرتەکدا پێشبینی کرد ڕێژەی گەشەی ئابووری وڵاتی تونس لە ساڵی 2025 بەرزبێتەوە بە 2.2% بەراورد بە ساڵی 2024 کە 1.2% بووە.

ئاژانسی هەواڵی وڵاتی تونس لە باکووری ئەفریقا لە ڕاپۆرتەکدا بە ناونیشانی "گەشە لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا" ئاماژە بەوە دەکات کە لەوانەیە ڕێژەی گەشەکردن لە ساڵی 2026 دا بە 3%.2 بەرزبێتەوە.

بانکی جیهانی پێشبینی دەکات گەشەی ئابووری لە ساڵی 2025دا پاپشتی بکرێت بەهۆی پێشبینی باشتری دارایی دەرەکی و بەهێزکردنی چالاکی ئابووری لەو وڵاتەدا، هەروەها لە چوارچێوەیەکی پێویستدیدار، نێتەوە یەکگرتووەکان پێشبینیەکانی کەمەک جیاوازی خستووە، چونکە پێشبینی کرد ڕێژەی گەشەی ئابووری لە تونس لە ساڵی 2025 بگاتە 1.5% و لە 2026 بە 1.9% بەرزبێتەوە و پێشبینی کرد ڕێژەی هەڵئاوسان لە 2025 بە 6.9% و لە 2026 بە 6.6% دابەزێت، بەراورد بە 7.2% لە ساڵی 2024.

لەلای خۆیەوە حکومەتی تونس لە بودجەی دەوڵەت ساڵی 2025 ئامانجێکی داناوە بە بەدەستهێنانی ڕێژەی گەشەی 3.2% لەسەر بنەمای ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بە ساڵی 2024 تا کەتایی مانگی ئابی ڕابردوو.